# کێ پشتگیری لەبێشچکی دەکات
# ڕوونکردنەوەی
# ژمارە-١-

**کوردستانیانی خۆشەویست مرۆڤدۆستانی هێژا**

پیاوە ڕەنگ گەنمیەکەی تورکیا کەناوی (ئیسماعیل بێشکچی)ە ساڵانێکی زۆر لەپێناو کێشەی کورد و گەیشتن بەمافەکانی لەزیندانەکانی تورکیادا ژیانی بەسەربردووە ئەو کەڵە پیاوە کەئێستا لەتورکیا دەژیت زۆر خزمەتی بەگەلی کورد کردووە بەلاَم تاهەنووکە گەلی کورد شتێکی ئەوتۆی نەکردووە کەلەئاست ڕێز و گەورەیی هەڵوێستەکانی ئەو پیاوەدابێت بێشکچی ماوەیەك پێش ئێستا بەهۆی بەکارهێنانی ووشەی (گەریلا) لەلایەن دادگایەکی تورکیەوە سزادرا بۆ ئەم مەبەستە ئێمە وەکو کەمپینی پشتگیری کردن لەبێشکچی دەمانەوێت نامەیەکی کراوە ئاراستەی ئەو دۆستە دڵسۆزەی گەلی کورد بکەین کەبەردەوامە لەسەر پشتگیری کردنی کورد و پەیامێکیش بدەینە دەوڵەتی تورکیا کەناتوانێت بەم جۆرە هەڵس و کەوتانە تۆزقاڵێك لەهەڵوێستی ئەم پیاوە بەڕێزە بگۆڕێت و ئەوەش بەتورکیا دەڵێین هەرهێرشێك بۆ سەر بێشکچی هێرشە بۆ سەر تەواوی گەلی کورد چونکە ئەو پیاوە خۆی کردۆتە قوربانی گەلی کورد لەبەرئەوە گەلی کوردیش ڕێز لەهەڵوێستەکانی ئەم پیاوە دەگرێت و لەلاپەڕە زێڕینەکانی مێژوو جێگا بۆ هەڵوێستەکانی دەکاتەوە و ژیانی ئەویش لەداهاتوودا دەکات بەمەنهەنجی خوێندن و هەروەها ئەم نامەیە ئاراستەی هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێمی کوردستان دەکەین کەکاتی ئەوە هاتووە مەدالیایەکی ڕێزلێنان بەم پیاوەببەخشن و پەیکەرێکی لەبرۆنز لەناوەڕاستی شاری هەولێر بۆ دروست بکرێت، و دواتریش نامە کراوەکە بەزمانی تورکی و ئینگلیزی و کوردی هاوپێچ لەگەڵ ناوەکانی ئێوەدا بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان بلاَودەکرێتەوە و ماوەی ناونوسینیش ١٠ ڕۆژە!

**بەڕێزان ئێوەش ئەگەر پشتگیری لەئیسماعیل بێشکچی دەکەن بفەرموون ناوی سیانی خۆتان لەگەڵ پیشەکەتان بنێرن بۆ ئەم ئیمەیلە.**

**کەمپینی پشتگیری لەئیسماعیل بێشکچی یاخود پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفۆنانەوە.**

**سەلمان کۆچەری ٠٧٥٠١٠١٣٠٢٢**

**دیاری محمد** 07501093375